## خوا

# له سوڵتان مەحمود

گەورە ترە

نووسینی

**حەسەنی پێنجوێنی**

چاپی یەکەم
2002- 1423

گومان لەوە دانییە کـە ڕووداوی ئیمانی زۆر لەناو میللەتە کەماندا ڕوویداوەو بووە، بەڵام کەمتەرخەمی بووەتە هۆی لە ناوچوون و لەبیرچوونەوەیان، پێم وایە ئەو مەسەلە ئیمانییانە بـۆ ئەوەی ژیانی هـەمیشەییان پێبدرێ و لەناو نەچن بیان نووسینەوەو تۆماریان بکەین تا ببنە پەندو ئامۆژگاری بۆهەموان، بۆخەڵکی ئێستاو نەوەی داهاتوو..

تا ئەوەی بەهێزو دەسەڵاتە لەخۆی بایی نەبێ و زوڵم لەخەڵکی نەکات، ئەوەش کە مەزلۆم و بێ دەسەڵاتە هیوا بڕاو نەبێ و بزانێ کەخوا غافڵ نییە، و دەستی قەدەری لە کاردایە .. هەرچەند ئێرە جێگەی سزاو پاداشت نییە، بەڵام هەر لەم دنیایەدا ناوبەناو خوا تۆڵە لە زاڵمان دەسێنێ و فریای مەزلۆومان دەکەوێ..

www.penjweny.org

# خوا

# له سوڵتان مەحمود

# گەورە ترە

نووسینی

**حەسەنی پێنجوێنی**

چاپی یەکەم

1423ك - 2002ز

بسم الله الرحمن الرحيم

**" وَلا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلاً عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ"**
ابراهيم/42.

" وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَى وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ" سورة هود/ 105.

عَنْ أَبِي مُوسَى رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " إِنَّ اللَّهَ لَيُمْلِي لِلظَّالِمِ حَتَّى إِذَا أَخَذَهُ لَمْ يُفْلِتْهُ."
البخاري/كتاب التفسير برقم: 4318.

عَن ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِمُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ حِينَ بَعَثَهُ إِلَى الْيَمَنِ :.و.و.. وَاتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ فَإِنَّهُ لَيْسَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ اللَّهِ حِجَابٌ."
البخاري/كتاب المغازي برقم: 4000.

**ناوی کتێب: خوا لەسوڵتان مەحمود گەورەترە.**

**نووسینی: حەسەن پێنجوێنی.**

**تیراژ:** 2000

**ساڵی لە چاپدانی:** 1423هـ - 2002ز

**چاپخانەی: رۆژهەلات.**

**بلاوکردنەوەی: ناوەندی رۆشنبیر.**

## پێشەکی:

گومان لەوە دانییە کـەرووداوی ئیمانی زۆر لەناو میللەتەکەماندا روویداوەو بووە، بەڵام گوێ پێ نەدان و کەمتەرخەمی بووەتە هۆی لە ناوچوون و لەبیرچوونەوەیان، پێم وایە ئەو مەسەلە ئیمانییانە بـۆ ئەوەی ژیانی هـەمیشەییان پێبدرێ و لەناو نەچن بیان نووسینەوەو تۆماریان بکەین تا ببنە پەندو ئامۆژگاری بۆهەموان، بۆخەڵکی ئێستاو نەوەی داهاتوو.. تا ئەوەی بەهێزو دەسەڵاتە لەخۆی بایی نەبێ و زوڵم لەخەڵکی نەکات، ئەوەش کە مەزلۆم و بێدەسەڵاتە هیوا بڕاو نەبێ و بزانێ کەخوا غافڵ نییە و دەستی قەدەری لە ك اردایە .. هەرچەند ئێرە جێگەی سزاو پاداشت نییە، بەڵام هەر لەم دنیایەدا ناوبەناو خوا تۆڵە لە زاڵمان دەسێنێ و فریای مەزلۆومان دەکەوێ..

ئالەو بارەوە برای بەرێز مامۆستا حەمەیوسف لە ساڵی 1990، لـەو کاتەدا کەهەردووکمان پێکەوە لە سنە بووین، رووداوێکی سەیری بۆ گێڕامەوە کەلەناو کوردەواری خۆماندا رووی داوەو لەم ساڵانەی دواییشدا بووە، کە هێشتا تەڕو تازەیە، خوا خۆی دەزانێ چەندەها رووداوی وا لەناو میللەتەکەماندا رووی دابێت و بەڵام بەهۆی تۆمارنەکردنیەوە بای لەبیر چوونـەوە لەگەڵ خۆیا بـردبێتی و ناوو شوێن ەواری نـەهێشتبێ،و زیانێکی زۆری لە کەلەپووری میللەتەکەمان دابێ، بۆیـە منیش بەپێویستی سەرشانی خۆمم زانی دەست بدەمە قەڵـەم و تۆماری بکەم، بـەو هیوایـەی سوودی بۆهەموان هـەبێ‌و خوا بیکاتە توێشووی پاشە رۆژمان، إنـه تعم المولى ونعم النصير..

<u>تێبینی:</u>

هەر لەسا ڵی 1990 دا بەدەستنووس و بە فتووکۆپی بڵاومان کردەوە، تا ئێستاش قەدەر نەبوو کە چاپ بکرێ، وا ئێستا پاش نیشتەجێ بوونمان لە ئوستڕالیا بە پێویستم زانی چاوێکی پیا بخشێنمەوە و چاپی بکەم..

فەرموون ئەوە ئێوەو رووداوەکە..

پێرس/ ئوستڕالیا
2001 -3 - 22

## دەستی خوا لەژوور هەموانەوەیە:

بەڵێ، لە کوردەواریدا خەڵکی دەڵێن : خوا لەسوڵتان مەحموود گەورە ترە..

ئەم قسەیە لە کاتێکا دەگوترێ کەزاڵم و ستەمکار تەنگیان بە هەژارێك هەڵچنی بێ و بیانەوێ ئازاری بدەن، و ئەمیش دەستی لە هەموو هێزو توانایەك بڕابێ، عاسمان بەرز و زەوی سەخت .. نە دەتوانێ بکاتە عاسمان چونکە بەرزە، زەویش سەختە بۆی کون ناکرێ تا خۆی تیا بشارێتەوە.. بۆیە دنیای لێدێتەوە یەك و هەموو گوشادێکی لا تەنگ دەبێتەوە.. هیچ جۆرە پەنایەك شك نابات جگە لە پەنای خوا، ئالەوکاتەدا خێرخوایەك پێی دەڵێ: هیوا بڕاو مەبە، نائومێدی رووت تێنەکات دەستی خوا لە ژوور دەست و توانای ئەوان و هەموو توانایەکەوەیە:( يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ ).[1]. یا پێی دەڵێن: خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە..

مامۆستا حەمە یوسف گێڕایەوە و گوتی : لە دێی (بییەکەڕە)ی مەریوانەوە ت رومبێلێکمان گرتبوو بۆ دێی (دەگا شێخان )، ترومبێلەکە ترومبێلی پەنا بەرێکی عیراقی بوو، هەر خۆیشی لێی دەخوڕی، لەرێگەدا باس هات بەباسدا و باسی مردن و ئەجەل هاتە پێشەوە، گوتمان : باش وایە ئینسان ئاگای لەخۆیبێ و گوناح و بێئەمری خوا نەکات نەوەك لەو کاتی گوناحەیدا بمرێ، (" قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ : إِنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: لا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلا يَشْرَبُ الْخَمْرَ حِينَ يَشْرَبُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلا يَسْرِقُ حِينَ يَسْرِقُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ"[2]. ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێ ئەڵێ : پێغەممەر ﷺ فەرمووی: ئەوەی زینا دەکات لە کاتی زینا کردنەکەیا ئیمانی نییە، ئەوەی شەراب دەخواتەوە لە کاتی شەراب خواردنەوەکەیا ئیمانی نییە . ئەوەی دزی دەکات لەکاتی دزی کردنەکەیا ئیمانی نییە . وە هەروەها لەفەرموودەیەکی ترا دەفەرموێ: (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: " إِذَا

[1]- سورة الفتح/10.

[2]- أحرجه البخارى في كتاب الأشربة: بَاب قَوْلِهِ تَعَالَى: إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ،برقم 5150. ومسلم في كتاب الإيمان/ بَاب بَيَانِ نُقْصَانِ الْإِيمَانِ، برقم: 88.

زَنَى الْعَبْدُ خَرَجَ مِنْهُ الإِيمَانُ، فَكَانَ فَوْقَ رَأْسِهِ كَالظُّلَّةِ، فَإِذَا خَرَجَ مِنْ ذَلِكَ الْعَمَلِ عَادَ إِلَيْهِ الإِيمَانُ "[3]. ئەبو هورەیرە ئەڵێ : پێغەممەر ﷺ فەرمووی : کاتێ ئەوعەبدەی زینا دەکا ئیمانەکەی لێی دادەماڵرێ و بەسەر سەریەوە بەرز دەبێتەوە، کاتێ کە لەگوناهەکەی بووەوە ئیمانەکەی بۆ دەگەڕێتەوە . ئەمەش وا دەگەیەنێ ئەگەر کەسێك لەو کاتی گوناهکردنەدا بمرێ لەوانەیە بێ ئیمان بمرێ.

سایەقەکە گوتی: مامۆستا من لەوە پێش نوێژم نەدەکرد و بە ڕۆژوویش نەدەبووم،تا بەم چاوانەی خۆم ڕووداوێکی سەیرم بینی و ئەوە بووە هۆی ئەوە تا ئێستاش هەر بەردەوام بم لە نوێژەکانمدا..

ئێمەش گوتمان: ئەو ڕووداوە چی بوو؟!

ئەویش گوتی من خەڵکی بیارەم لە کوردستانی عیراق، حکومەتی سۆشیالیستی بەعس ئێمەی لەخاك وئاوی خۆماندا دەربەدەر کرد، ماڵی کاولکردین، شارەکەمانی ڕووخاند، باخ و دار گوێزەکانی سووتاندین، گواستینیەوە بۆ کۆمەڵگایەکی زۆرە ملێ لە ناوچەی عەربەت، کوردستان بەگشتی و ناوچەی سلێمانی

[3] - أخرجه الترمذى فى كتاب الإيمان/باب برقم: 2549.

بەتایبەت کەوتبووە بەر رق وقینی حکومەتی بەعس، لەبەر ئەوە جەنگێکی هەمەلایەنەی دژی میللەتەکەمان بەرپا کردبوو، لە لایەنەکانی دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتیو رامیاری و سەربازییەوە، بەتایبەت بەهۆی گەمارۆی ئابوورییەوە دەیویست خەڵکەکە گەردنکەچی خۆی بکات..

دەمەو زستان بوو ناوچەی کوردستانیش ناوچەیەکی سارد و بەفراوییە، نەوتی عیراقیش بەو هەموو زۆرییە - کە عیراق لەسەر دەریایەکی نەوتە- لەناو ئێمەدا نەوت قات وقڕی بوو، زۆر بە زەحمەت دەست دەکەوت، هەوا زۆر سارد بوو، ئێمەش نۆرەمان گرتبوو، لەریزا وەستا بووین، خۆمان دابووە بەرخۆر و کزۆڵەمان کردبوو، بەرمیلەکانمان لەبەردەم خۆمانا دانابوو، چاوەڕوانی ئەوە بووین تەنکەری نەوت بێت و بەرمیلەکانمان پڕ بکەین..

پیاوێکی هەژار ماوەیەك لە بەرمیلەکەی دوورکەوتبوەوە زۆری پێنەچوو چەکدارێکی دەوڵەتی- جاشێك- بە خۆی چەکەکەیەوە پەیدا بوو، منداڵێکی حەوت ساڵانەشی لەگەڵابوو، بەرەو بەرمیلی پیاوە هەژارەکە رۆیشت و لەپەنایا وەستا، پاش ماوەیەك کابرا هاتەوە بۆلای بەرمیلەکەی..

چەکدارەکە گوتی: ئەوە بۆ لێرە وەستاویت؟

گوتی: ئەمە بەرمیلی خۆمە بۆیە لە پەنایا وەستاوم ..چاوەڕوانم نۆرەم بێت و نەوتەکەم ببەمەوە..

گوتی: بەرمیلەکەت کامەیە؟؟

گوتی: ئەوەیە کەتۆ لەپەنایا وەستاویت..

ئەویش جنێوێکی ناشیرینی پێداو گوتی : بۆ خۆتت وت، ئەوە بەرمیلی منەو بڕۆ جێگەت ون بکەو لەم ناوەدا نەوەستیت!!

کابرایش دەیگوت: هەی هاوار خەڵکینە دەیەوێ بەرمیلەکەم لێ داگیر بکات.. باوکم وەڵڵاهی بەرمیلی خۆمە.. ئەوەتە ناوی خۆیشم لێ نووسیوە .. چەکدارەکە هیچ شەرمی نەکرد بەبەردێك ناوەکەی لەبەرچاو خەڵکەکەدا کڕاند و گوتی : تۆ ناوی خۆتت لێ نووسیوە، ئەوا کوژاندمەوە.. ئینجا بەماجیکێك ناوی خۆیشی لەسەر نووسی.

کابرای هەژار گوتی :بابە وەڵڵاهی ئەمە بەرمیلی منە، ئەو خەڵکەش کەلەویا بوون گوتیا ن: بابە پیاوی چاك بە شەڕی پێ مەگێڕە بەرمیلی خۆیەتی ..خاوەن بەرمیلەکە گوتی : ئەوەتە من ناوی خۆم لەژێرەکەیشی نووسیوە..کەبەرزیان کردەوە ناوی کابرای هەژار لەژێرەکەیا نووسرابوو..

ئینجا چەکدارەکە تفەنگی هێنایە سەرپێ و گوتی : تەلاقم کەوتبێ هەر دەتکوژم..

ئێمە ش هاوارمان لێ بەرز بووەوە بابە بەرمیلەکە بۆ خۆت و بەناهەق پیاوەکە مەکوژە، ئەمەیە دەڵێ : لەسەر ماڵم مەدە لە باڵم!!

سیمڕ سیمڕ هەر دەیگوت : دەیکوژم .. کابرای هەژاریش ڕەنگی بزرکا بوو، لێوی سپی ببووەوە دەمی وشك ببو، هاواری دەکرد و دەیگوت: بۆخاتری خوا وازم لێ بێنە، و بەناهەق مەمکوژە !! ئەویش پەیتا پیتا جنێوی دەدایەو دەیگوت: وای وا پێکراوە هەردەتکوژم!!

ئالەو کاتەدا مامۆستایەك هات و خەڵکەکە گوتیان : ئەرێ وەڵڵا باش بوو ئەو مەلایە هات، ڕۆیشتین بەدەمیەوە وەزعەکەمان تێگەیاند و باسەکەمان بۆ گێڕایەوە، گوتم ان: بەڵکو کاری بکەیت ئەو زاڵمە نەیکوژێ چش با بەرمیلەکەش بۆ ئەو بێ.

مامۆستایش ڕۆیشت بۆلای کابرا وپێی گوت: برام پیاوی چاك بە وازی لێبێنە و مەیکوژە بەرمیلەکەش بۆ خۆت..

گوتی: تەڵاقم خواردوە هەردەیكوژم..

مامۆستا گوتی: بابە من تەڵاقەكەت بۆ چاك دەكەمەوە، وازی لێ بێنە..

گوتی : سێ بەسێ تەڵاقم كەوتبێ هەر دەیكوژم ..مامۆستاكە قورئانێك لە بەرباخەڵیا بوو دەری هێناو گوتی: بیكە بەخاتری ئەم قورئانە كاری وا مەكە و وازی لێبێنە..

گوتی: بەخاتری ئەو قورئانە هەر دەیكوژم..

مامۆستاش گوتی: خەڵكینە! بیكەن بەخاتری ئەم قورئانە وازی لێ بێنن و بڕبدەن و هەموو بڕۆنە دواوە .. وا دیارە ئەمە خوێنێكی بە ناو چاوەوەیە .. ئێمەش لەبەر خاتری قورئانەكە ل ێیان دوور كەوتینەوە، وەك بازنەیەكی گەورە بەدەوری ئەوانا ئەڵقەمان دا..

كوڕی چەكدارەكە باوەشی بەلاقی باوكیا كردو گوتی : توخوا بابەگیان مەیكوژە ، ئەویش پەلی گرت و لەخۆی دوور خستەوە . خێرا هاتەوە باوەشی پیاكردەوە و لێی پاڕ ایەوە و گوتی : توخوا بابەگیان مەیكوژە .. ئەمجارەیان تا هێزی تیا بوو قژی كوڕەكەی گرت وفڕێی داو دووری خستەوە .. كابرا سواركەری شەیتان ببو، شەیتانیش سوار سەری ئەو ببو ، وازی نەدەهێناو دەیگوت : هەر دەیكوژم..

كابرای داماویش بێ دەسەڵات، بێ چەك، لە بەرامبەریەوە وەستاوەو وەختە زیرە بكات لە ترسا و پەیتا پەیتا لێی دەپاڕێتەوە كە نەیكوژێ..

كوڕە بچكۆلەكەیش بۆ دوایین جار بە پەلە گەڕایەوە و باوەشی بەلاقی باوكیا كرد و لێی پاڕایەوە كەنەیكوژێ..

باوكـەكەش وادیار بوو پێی عەیب بێ لە قسەی خـۆی پەشیمان ببێتەوە، بۆیە قۆناغە تفەنگێكی ماڵی بەكوڕەكەی خۆیا، تا بەو جۆرە بیترسێنێ و لەخۆی دوور بخاتەوە..

دەستی قەدەر لەكارا بوو.. دەریای كەرەمی خوایی هاتە جۆش و فریای ئەو پیاوە مەزلومە كەوت، تفەنگ لەسەر پل بوو، هاڕەیهات و ریزی كرد و هەرسیی فیشەكەكە دای بە بن چەناكەیدا و لەتەوقی سەریەوە دەرچوو.. وەك گابەردێكی گەورە بەسەریا بماڵی ئاوەهای لێهات دەم و دەس جووڵەی لێبڕا.. ئای بە ساقەی خوا بم چۆن فریای ئەو هەژارە كەوت !! خۆزگا لەه ەموو شوێنێكدا ئاوەها فریای ستەم لێكراوان بكەوتایە..

مامۆستا حەمە یوسف گوتی : منیش پێم گوت : پێغەممەری

**خوا ﷺدەفەرموێ :(** عَنْ أَبِي مُوسَى رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِنَّ اللَّهَ لَيُمْلِي لِلظَّالِمِ حَتَّى إِذَا أَخَذَهُ لَمْ يُفْلِتْه .)[4].

**واتە: خوا مۆڵەتی زاڵم دەدات – جڵەوی بۆ شۆڕ دەکات- تا دەیگرێت کەگرتی مۆڵەتی نادات . برام دەزانی کوشتنی ئینسانێك بەناهەق لای خوا چەند گەورەیە؟ ! خوا دەفەرموێ :(** وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا، وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا)[5].

**واتە : ئەوەی ئیمانداڕێك بەناهەق و دەستی ئەنقەست بکوژێ سزاکەی ئاگری دۆزەخە و خوا غەزەبی لێدەگرێ و نەفرینی لێدەکات و سزایەکی گەورەشی بۆ ئامادە دەکات..**

**بەڵێ براگیان، نازانم ئە وانەی موسڵمانێك بەنا هەق دەکوژن لەرۆژی قیامەتا چۆن وەڵامی خوا دەدەنەوە؟**

**ئینجا سایەقەکە رۆیشتەوە سەر قسەکەی خۆی و گوتی : کاتێ ئەو حاڵەمان بینی مامۆستاکە گوتی: خزمینە ! توخوا هەموو بێنە پێشەوە، خەڵکینە ئەمە ئەو ئینسانەیە کەپێی وابوو کەسێك نییە**

4- رواه البخارى في صحيحه، كتاب التفسي ر/ بَاب قَوْلِهِ ( وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ ) برقم: 4318. ومسلم في كتاب البر والصلة/ بَاب تَحْرِيمِ الظُّلْمِ، برقم: 4680.

5- سورة النساء/93.

**لەو بەدەسەڵات تربێ، ئەها چۆن بەرگەی فیشەکێکی نەگرت؟ ئەها چۆن ئالێرەدا کەوتوەو زەلیل بووە؟ یەکێ لە پیاوچاکان دەڵێ : ئەگەر هێزو دەسەڵاتت داوای ئەوەیان لێکردی زوڵم لە خەڵکی بکەیت، بیری دەسەڵات و توانای بێسنووری پەروەردگارت بکەوێتەوە. ئەها خوا چەند بەدەسەڵاتە؟.. هەریەکە سەرو تفێك بکاتە ناوچاوی ئەم ئینسانەی لەخوا یاخی و لەخۆی بایی بوو بوو .. ئەم ئینسانەی بەر نەفرینی خوا کەوتووە، خەڵکەکەش هەموو هاتنە پێشەوەو سەرو تفیان لێکرد ..پاش ئەوە مامۆستا ئایەتێکی بەسەرا خوێندەوە کە مەعناکەی ئاوها بوو : وا نەزانن خوا غا فلێ وبێئاگایە لە زوڵی زاڵمان.**

**بەراستی دیتنی ئەو دیمەنە بەتەواوی رایتەکاندم و لەخەوی بێئاگایی دایچڵەکاندم، کاتێ ئەو زۆردارەم بینی کە هەرگیز بەتەمای ئەوە نەبوو بمرێ، بەڵام لەوپەڕی دەسەڵاتیا خوا لەناوی برد و مرد، ئەی ئەگەر ئێمە فەرمانی خوامان بەجێ نە هێناو بێ ئەمری خوامان کرد، ئایا ئەتوانین لەخۆمان دڵنیا بین کە نامرین؟ وەئەگەر لەوکاتی گوناه وسەرپێچییەدا مردین چۆن وەڵامی خوا بدەینەوە؟ تا ئێستاش هەر ترسی مردنم لەدڵایە کێ دەڵێ ئێستا یا تاوێکی تر منیش نامرم؟ کێ گرێنتی ئەدات کە رۆژێکی تر بژیم؟**

**سوپاس بۆ خوا لەو کاتەوە رووم لەخوا کردەوەو  بەتەواوی گەڕاومەتەوە..**

**مامۆستا گوتی: بەڕاستی باش خوا فریای ئەو هەژارە کەوتووە و تۆڵەی بۆ سەندۆتەوە    !! بێ ئەوەی کەسێکی تر تووشی زیان ببێ..چونکە ئەگەر یەکێکی تر بیکوشتایە تووشی گۆبەند دەبوو، ئەمەش ئەو ئایەتەیە        کە مامۆستاکە خوێندبوویەوەو تۆ مەعناکەیت بۆ باس کردین : ( وَلا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلاً عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ)[6].**

**هیوادارم تۆیش لەسەر رێی راستی خۆت بەردەوام بیت، پێم وایە ئێستا زیاتر هەست بە چێژی ژیان دەکەیت.**

www.penjweny.org

[6]- سورة ابراهيم/ 42.